سەید حەکیم داوا دەکات ڕۆڵی مزگەوت و حوسەینییەکان بە پەروەردەی تەندروست زیاتر ئەکتیڤ بکرێت

لە مەراسیمی کردنەوەی حوسەینییەی ئەلتالقانیین لە پارێزگای بابل، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزی نیشتمانییەکانی دەوڵەت، پیرۆزبایی لەدایك بوونی ئیمامی حەسەن عەسکەری کرد (سلاوی لەبێت) و ئاماژەی بە ژیاننامەی بەنداری کرد کە چۆن خەڵك ئامادەدەکات بۆ ئیمامی غائیب (خوا دەرکەوتنی خێرا بکات) و گوتی پێویستە شانازی بە مەرجەعیەتی باڵای ئاینی بکرێت و گوتیشی مزگەوت و حوسەینییەکان و مەرجەعیەت بنەمای پاراستنی عێراقن، ئاماژەشی بە ئاهەنگ گێرانی نەجەف کرد بە بۆنەی تێپەڕ بونی هەزار ساڵ بەسەر مەرجەعیەت و گوتیشی دوژمنانی عێراق هەوڵیان دا لەم سیانە بدەن کە عێراقییان پاراست، هەروەها ستایشی ڕۆڵەکانی بابلی کرد بەهۆی بەشداریکردنیان لە خزمەتکردنی زیارەتکارانی حوسەین.

بەڕێز حەکیم گرنگی مزگەوت و حوسەینییەکانی لە کۆکردنەوەی ووشە و پەیوەندی نەوان مرۆڤەکان و بڵاوکردنەوەی خۆشەویستی و پەیوەندی باش ڕوونکردەوە، هەروەها داوای کرد نوێژی جەماعەت و سودوەرگرتن لە وتار و وانەی ئایینی وەربگیرێت، هاوکات داوای پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دانانی منداڵان لە مزگەوت و حوسەینییەکانی کرد بۆ بەدەستهێنانی پەروەردەیەکی دروست بۆ نەوەکان، هەروەها گەشبینی خۆی دەربڕی بۆ ئایندەی عێراق و گەڕینی کابەرییەکان بۆ دەرفەت، لەوانەش کابەری تیرۆریزمی داعش کە بە فەزڵی خودا و فەتوای دەسەڵاتی ئایینی و وەڵامدانەوەی باوەڕداران بەرەی خامۆش کرا...